## حوزنی و گیوی موکریانی

لە باسی کەسایەتییەکان و ژیاننامەیاندا، گەلێک جار پەیوەندەکان روون و ئاشکرا نین، یا خود بە هۆی هات و چۆ و کۆچبەرییەوە تووشی ئاڵۆزی دەبن. لە پەیوەندی ئەم زنجیرە وتارەدا، من زۆر ئیحتیاتی ئەوە دەکەم نەبمە هۆی ئاڵۆزکاوی و بشێوی و پاشاگەردانی لە لایەک و شەڕی شار و گوند و ناوچە لە لایەکیتر. هەر چەشنە بۆچوونێکی ئەوتۆ دژ بە ئامانجی ئەم نووسینانەیە. کاتێ کە لێرەشدا باسی نەمران حوسین حوزنی و گیوی موکریانی دەکەم ئاگاداری ئەوە هەم کە هیچکامیان لە بۆکان لە دایک نەبوون و بۆکانیش نین، واتە بە یەک قسە، مەهابادین و لە باشووری کوردستان ژیاون.

بەڵام هۆکاری ناوهێنانیان لە بەشی "بۆکان لە مێژوودا" ئەو راستییەیە کە بنەماڵەی حوزنی بە بنەچەک خەڵکی دەوروبەری بۆکانن و بۆ نووسینی سەرجەمی مێژووی بۆکان دەبێ ئاماژە بە هەموو زانیارییەکی بەردەست لەمەڕ کەسایەتی و شوێن و رووداوەکان بکرێت.

بە گوێرەی راگەیاندنی مامۆستا هەژار (سەرەتای شەرەفنامەی کوردی سۆرانی) و چەند سەرچاوەی تر (گۆڤاری "مەهاباد"، ژمارە ٧٩)، بنەماڵەی حوزنی خەڵکی گوندی "ئینچکە" بوون. من خۆم لە ساڵانی ١٩٦٢ و ٦٣ دا، کاتێ مامۆستای قوتابخانەکانی گوندی باغڵووجە و بوغدەکەندی بووم، چاوم بە کەلەوای گوندە رووخاوێک کەوتوە لە نزیک گوندی "شقۆیف"ی ئێستا، کە دەیانگوت پێشتر گوندێکی ئاوەدان و ناوی ئینچکە بوە. ئینچکە لە باشووری گوندی "کۆچکی سەروو" و رۆژهەڵاتی باغڵووجە هەڵکەوتوە و لە جادەی بۆکان بۆ سەقز دوور نییە. ئەو گوندانە دوای ساڵی ١٩٦٢ کەوتنە سەر سەقز، بەڵام پێشتر وەک هەموو گوندەکانی دێهستانی تورجان، سەر بە بۆکان بوون و بەم پێیە، حوزنی موکریانی بنەچەک بۆکانییە.

ئەو حیسابەی بۆ بۆ حوزنیمان کرد، بۆ گیوی موکریانی راست نابێت، لەبەر ئەوەی گیو دایک برای حوزنییە و خات "سە لما"ی دایکیان خەڵکی "سورنجداغی" بوە، باوکی گیویش ئەحمەد ئومەربل هەر بۆکانی نەبوە. بەڵام بەسەرجەم، رەچەڵەکی بنەماڵەکە دەگە رێتەوە بۆ ئینچکەی ئەودەم هی بۆکان.